www.kurdistannet.org
25-8-2007 15:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چڕی تەم و مژە کەی عێراق ڕوو لەزیادبوونە... عومەر شەریف



پێچەوانەی بۆچونەکان ئێستا دۆخی ئێراق وای لێهاتووە کەس ناتوانێت پێش بینی سێ مانگی داهاتووی بۆ بکات، نەخاسمە پێنج ساڵ و دە ساڵ و زیاتر.. پلان و پیلان نەما ئەمریکا هەمووی بەکار هێنا و باری رامیاری و ئاسایشی ئێراقی جێگر نەکرد، جەمسەرە ناکۆکەکان لەسەر ئێراق یەکیان گرت کەچی بارەکەی بەرەو باشتر نەبرد، دەیان جار رێککەوتنی ئیستراتیژی و مێژووی و گەورە لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی ئێراق بەسەرپەرەشتی وولاتانی ئیسلامی و عەلمانی و هەرێمایەتی کرا، کەچی برینەکانی قوڵ تر کرد و کێشەکانی ئاڵۆزتر کرد، دوای رێکەوتنی ئیستراتیژی پارتی و یەکێتی هەردوو لا چونەوە بەغدا و لەگەڵ دوو لایەنی بەهێزی عەرەبی شیعی رێکەوتنێکی تر ئیمزا کرا، ئەم رێکەوتنامە بۆ ئەم قۆناغە باشن و گرنگن، بەڵام چەندی جێ بە جێ دەکرێ! و لایەنە ئیمزا کەرەکان چەند پابەند دەبن پێوە؟! ئەوە لە ئایندەی نزیك بەدەردەکەوێت، بەتایبەت لەگەڵنزیك بوونەوەی جێبەجێ کردنی مادەی140، دەکرێ ئەوەش بپرسین تا چەند کاریگەریان لەسەر دامرکاندنەوەی کێشەکانی ئێستای ئێراق دەبێت، ئەوەشیان بەندە بەشتگیری ئەمریکا و ولاتانی دەرهاوسێ و لایەنە ناکۆکەکانی ناو عێراق و ئاڵوگۆرکردنی کارتی بەرژەوەندێکانیانە کە دەبێ هەمولایەنە بەشداربووەکانی گەمەکە لە کۆتاییدا خۆیان بە براوە بزانن؟ ئێستا گرەنتی سەرەکی سەر گۆرەپانی سەربازی و سیاسی لە ئێراق زیاتر خۆی لەسێ تەوەردا دەبینێتەوە:

1. سوننەو کۆنە بەعسیەکان هەست بە غەدر و کەمی دەسەلات و رۆڵ دەکەن لە ئێراق، و زۆربەی گرفتە ئەمنیەکان دەستی ئەوانی تیا یە و لەسەر ئەم هەڵوێستەیان پشت بە زۆربەی وولاتانی عەرەبی دەبەستن هەندێ ولاتی دەر هاوسی (تورکیا-ئێران) .

2. شیعە هاوپەیمانێکی باشی کوردە و لە زۆر پرس و کێشەدا لەگەڵ کورد یەك دەگرنەوە، بەڵام ئەوەی کێشەکەی زۆر ئاڵۆزتر کردووە دەست تێوەردانی ئێرانە لە ئێراق لە رێگای شیعەکانەوە و هەندێ جاریش ناراستەو خۆ یارمەتی سوننە کانیش ئەدات وەك پەرینەوە چەکدارکردنی قاعیدە بۆ عیراق، هەر ئەمەش وای لە ئەمریکا کردووە زۆر جار بە! بۆنەو نابۆنە ئاماژەی پێ دەکات وگەف لە ئێران دەکات، کەچی تر سنورێك بۆ خۆی دابنێت و دەست نەخاتە کاروباری ئێراقەوە و یارمەتی تیرۆریستان نەدات و رێگر نەبێت لە جێ بە جێ کردنی پرۆژەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە (بەداخەوە ئێران نەك هەر لەوە نەوەستا بگرە لەم چەند رۆژەی دواییدا کەوتە تۆپ باران کردنی ناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان و دەیان رەز و باخ سوتێنرا و سەدان گوند نشین ئاوارە بوو)، لە رووی دبلۆماسیەوە ئەمریکا ئەم هەلەی لە دەست نەداوە و لە گەڵ ئێرانیەکان چەند جارێك بە ئاشکراو لە ئاستی پایەبەرز لەگەڵیان دانیشتووە و دانوستانی بێ پەردە و روبەروئەنجامداوە، دیارە ئەمەی داوینی لەسەر راسپاردەی (بیکەر ـ هاملتۆن) کردووە.

3. کورد بۆ خۆی هەرێمێکی سەربەخۆی دەوێت، گرفتی لە گەڵ عەرەب بەشیعە و سوننەوە لەسەر جێ بە جێ کردنی مادەی 140 هەیە ئەو جار داهات و نەوت و گاز و بودجەو چەك و هتد... هەریەکە و بە بیانویەك ناچنە ژێر ئەو بەڵێن و ئیمزایانەی کە کردوو یانە لەگەڵ کورد بۆ جێ بە جێ کردنی، بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆیشی کورد ئەوەی لە دەستور قایم کردووە کە پابەند بوونی بەئێراق و دەستورەوە لە جێ بەجێ کردنی تەواوی مادەکانی خودی دەستورەوە سەرچاوە دەگرێت، گەر گرنگیترینیان مادەی (140) کە تەنها! چوار مانگی ماوە! گلۆڵەی کاتی سەرۆکایەتی بۆش لێژ بووەتەوە و ئەوەی چاوەروانی دەکرد زۆری بەدی نەهاتووە لە ئێراق و دەزانێت کات لەبەرژەوەندی ئەو نیە، زۆربەی ئەو حکومەت وسیاسیانەی کە گرەوی لەسەر دەکردن ئەو ئەسپە براوە نەبوو کەچەپڵەی بۆ لێئەدان!!!دیسانەوە بەرزو نزمی زۆر سەیر لە خودی رای سەرۆك بۆش و ئیدارەکەیدا هەیە لە تەقیم کردنی حکومەتی ئەلمالکی! دواین کارت ئەمریکا دەیەوێت گەمەی خۆی پێبکات، کارتی نەتەوەیەکگرتووەکانە لە ئێراق؟

باشە هەق وایە بپرسین بۆ چی ئەمریکا لەم قۆناغەدا ئەم بریارەی پێشنیار و پەسەند کرد بۆ ئێراق لە کاتێکدا لە دوای ئازادی ئێراق خۆی داوای کرد نەتەوەیەکگرتووەکان کە ئەمریکا وەکو داگیرکار لە ئێراق لە قەڵەم بدات نەك رزگار کەر!؟

گشت ئامارژەمان بۆ ئەوە دەچن وردە وردە هێزەکانیان دەکێشنێتەوە بەرای ئەمەش بریتانیا لە بەسرە لەسەر بەندی ئەوەدایە چۆن بەکەمترین زیان بکشێتەوە و هێزەکانی بردووتە ناو کۆنە کۆشکێکی سەدام کە نزیك بە بەفرۆکەکەخانەیەکە و بەشەکەی تریشی بردووەتە سەر (شەت ولعەرەب) وداوای لە ئەمریکاش کردووە کشانەوەی بی زیانی بۆ مسۆگەر بکات؟!، دەزانن ئەمرۆ یا سبەی نزیك دەبێ بەم شێوەیەی ئێستای ئەمریکا لە ئێراق نەمێنێتەوە، کەوایە بۆشایەکی گەورە لە ئێراق رووئەدات و شەری تایەفی و مەزهەبی و نەتەوەیی لە ئێراق زۆر سەخت و دژوار رو ئەدات، ئەمەش بۆ ئەمریکا لە ناوخۆی و دەرەوە قورس دەکەوێت و لە روی ئەخلاقیەوە بێ متمانەیەکی گەورە بەهاوپەیمانی! لە ئێراق دروست دەکات، بۆیە دەیەوێت پێش روودانی هەر کارەساتێك هیچ نەبێت ئەمریکا تاقە بەرپرسیار نەبێت و وەك دەڵێن دەستی UN یش بکاتە ئەم هەویرەدا کە زۆر ئاو دەکێشێت؟؟؟. هاتنی و رۆڵی زیاتری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆکێ باش بێت لە ئێراق بۆ کورد خراپە!، هەر بەسادەی تەماشابکەین کام کێشەی هاوشێوەی کێشەی کەرکوك UN چارەی کردووە لەدنیادا (کشمیر ـ قبرس ـ بیابانی رۆژئاوا) هتد ....

کورد ئەزموونی باشی لەگەڵ UN و دەسەڵات و دام دەزگاکانی UN دا نیە نزیکترینیان بریاری 986 کە زۆر بیرۆکراتی و ئاڵۆزانە و خەم ساردانە لە گەڵ ئێمەدا مامەڵەیان دەکرد، UN بێتە کەرکوك سەیری هەموو نەتەوەکان وەکو یەك دەکات بە عەرەبی هاوردەشەوە، دەسەڵاتەکانی ناوشاری کەرکوك وەکو یەك بەش دەکات و یەك هێزی کوردی لەوی ناهێڵێت، وەك ئەوەی برێمەر یەکەم جار کردی (شەش عەرەب، شەش کورد، شەش تورکمان، شەش ئاشوری و کلدان... ) کە زۆر ناعادیلانە بوو، ئەوان هیچ باکیان نیە بچوکترین کێشەی کەرکوك بەچەندین کۆبونەوەو ساڵ و سەدان ئیمزا چارەسەربکەن، نەتەوەیەکگرتووەکان هەرچی بن لە ژێرکاریگەری تورکیا و ئێران و عەرەبدا دەبن، بە چاوی مرۆڤانەوە تەماشامان دەکەن، دەوڵەتێك نیە بڵێت کورد هەقی سەربەخۆیی هەیە و کەرکوك هی کوردانە و با بە بریارێکی نێودەوڵەتی بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان کە مافێکی رەوای خۆمانە و هەموو بەڵگە مێژۆیەکان ئەوە دەسەلمێنن، ئێران و تورکیا سەدان کێشەیان لە گەڵ یەکتر هەیە کەچی لە تۆپباران کردنی کوردستان برا و هاوڕان و یەك! هەڕشەدەکات و ئەوی تریا جی بە جی و ئاگران باران دەکات، ئەمریکاش زاق زاق سەیر دەکات!؟دەکری لیرەدا بپرسین ئایا ئەم بی دەنگیەی ئەمریکا تەڵەیەك نیە بۆ ئێرانیەکان؟

سوریا بەتەن تەقینەوە دەنێرێتە ئێراق و یەزیدیەکان قەتڵ وعام دەکات، کام رۆژ هەیە یەمەنی و سعودی و میسری و ئوردنی و جەزائیری و مەغریبی لە ئێراق نەگیرێت و کاری تیرۆرستی نەکەن کەچی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

25-8-2007 15:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەمریکا خەم ساردانە دەجولێتەوە، ئەو ئازادیەی گەلانی ئێراق چاوەروانیان دەکرد هاتە دی لە دوای روخانی یەدام بەلام تەقینەوەو خۆکوژی رۆژانە تامێکی بۆ ئەم ئازادیە نەهێشتەوە هیوای گەلانی عێراقی کردە سەراب!!!!!.

چاوەروان دەکرێت جارێکی تر ئێراق و ناوچەکە هەڵچونێکی تر بە خۆیەوە ببنێت و شەر و کوشتار لە ناوخۆی ئێراقیەکان بەشێوەیەکی فراوانتر لەوەی ئێستا کە هەیە بێتە کایەوە، هەر بۆیەش ئەمریکاو یو ئێن و ولاتانی دەرەوە لە لایەك و لایەنە سیاسیەکانی ئێراقی لەلایەکی ترەوە خەریکی ئەو هەموو رێکەوتن و پرۆتۆکۆلاتەن لەسەر ئێراق، کە مەرج نییە هێچ لایەن ودەسەلاتێك ئاکامی پۆزێتیفی مسۆگەر بکات، نیشتنەوەی تەمەم مژکە نازانرێت چەند دەخایەنێت و چۆن دەبێت، بەلام پێویستی بەوریای زیاتر هەیە بۆ کورد و خوێندنەوەی ورد تری گەرەکە بۆ پیٚشهاتەکان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.